# خودناسیی له رێگەی لەدەستدانییەوە




**بەهزاد حەویزی**
b_hawezy@yahoo.com

( زن - Zen) مەزەبێکە لە بودایيدا، (Zen) واتە رامان (التأمل)مەبەست لێی دەربازبوونە لە مادەودابڕان لە دەوروبەر وپێوەندیکردن بە سروشت بەجۆریك تاکەکەسی حەکیم خۆی وسروشت ببن بە یەك شت، (Zen Buddhism) کاریگەری هەبوو لەسەر گۆردۆن ئۆلبۆرت و سایکۆلۆجیای سیفەت، چوون ئەو چەمکانەی لێوەرگرت کە تەرکیز دەکەنە سەر تاکەکەس وەك – هەمەکیی - واتە میتۆدێکی تاکەکەسی بۆخۆی پێڕۆکردووە تەرکیزدەکاتەسەر سیماتاکەکەسییەکان ومیتۆدێکی هەمەکیی تەرکیزدەکاتەسەر یەکیەتیتاکەکەس .

گەلەك هەن ناوی بودایان بیستووە، بەڵام کەمیان بە وردی وتێروتەسەلی لەبارەی (Zen Buddhism) دەزانن (( زن - Zen)) ئاراستەیەکە یا رێبازێکە لە بودایيدا لە بنەماوە لە چین سەریهەڵدا لە سەدەی شەشەم وهەندێکیش بۆ خودی بودایان دەگەڕاندەوە، ئینجا زێتر بەربڵاوبۆوە بە تایبەت لە ژاپۆندا تارادەیەك دەگوترێت بۆ فامکردنی کەلچەری ژاپۆنی هەردەبێت لە (( زن - Zen)) بگەیت، وشەی (زن)یش وەك ئاماژەی پێدراوە جۆرێکە لە تەرکیز یا رامان (التأمل) مەزهەبەکەش واتە ئەو حاڵەتەزیهنی ودینیە رۆشنەیە، کە بەهۆیەوە دەگەیت بە بێگەردی وئەوپەڕ روونیی هزر لە رێگەی (زازان) یا (رۆنیشتنێکی کرۆکیی رامانئامێزانە) .

جێپەنجەی فرۆم وەك بیرمەندوشیکەرەوەی دەروونی لە بوارەجۆراوجۆرەکانی زانستی دەروونی وکۆمەڵایەتی ومرۆیی ئاشکراودیارە، ئەو پرۆژەیەکی فەلسەفی مەزنی دەست پێکرد بەردی بناغەی فەلسەفە ئینسانیەکەی دارژت کە تیایە ئاماژەوئاگەداری مرۆگەلی کردەوە لەمەڕ مەترسیەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازی کە دەبێتە هۆی بەکاربردنێکی کوێرانەوهەڵوەشانەوەی بەهائەخلاقی وکۆمەڵایەتییە هەرە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵگەوەك هاریکاری وهاوکاری وبرایەتی ولێبووردەیی وموحیبەت وخێروگرنگیدان بەوەیدیکەو ...تد .

هەر کاروبەرهەمێکی فرۆم بایەخ وگرنگی تایبەتی خۆی هەیە وهەریەکێکیانیش زێدەزانیاری لەرووی دەروونشیکاری کەسایەتی مرۆیی بە تایبەتی ومەعریفەی مرۆیی بەگشتی دەخاتەڕوو، باشترین نموونەش بەرهەم وکتێبەکانیەتی لەوانە : (لەمەڕ دەروونشیکاری وئایین و)(زمانی لەیادکراو : خەون وخورافەوئوستوورە)(نامەی فرۆید)(راکردن لە ئازادی)و چەپکێك بەرهەمی دانسقەی دیکە .

یەکێك لەو کتێبانەی بەودوایيە بڵاوکرایەوە کتێبێکی گرنگ بوو بۆ تێگەیشتن لە مەزەبی (زن - Zen) وپەیوەندی بە دەروونشیکاری ورەوشی مرۆیی، واتە پەنجەرەیەکی دیکە رووەو ناخ ودەروونی ئادەمیزاد، گەڕانەوە بۆ نێوخودی خۆت، رامان لەگەڵ خودی خۆت بەتەنیا، ناوی ئەو کتێبەش بە عەرەبیەکەی (بوژیە الزن والتحلیل النفسی) یە، کە هەریەك لە (ئەریك فرۆم، د.ت.سوزۆکی، ریچارد دی مارتینۆ) بەشێکی نووسیوەتەوە (مەحمود مونقیز هاشمی) وەرگێڕاوە، بەڵام هەمان ناونیشانی کتێبەکە، کە هەمان ناونیشانی تۆژینەوەکەی فرۆمەووەکو بڵێی بەتەنیا بڵاوکرابێتەوە، وەرگێڕەکەیشی (پائردیب) لە بارەی تۆژینەوەکە ئاماژەی بەو سەرچاوەیە کردووە(

لێکۆڵینەوەیەی کەئەو (ErichFromm,psychoanaiysis and Buddhism,London,Unwin,1986 لێوەرگرتووە، ڕەنگە بەتەنیا بۆخۆی کتێبێك بێت .

ئەو کتێبە زادەی کۆنفرانسێکی زانستییە، کە بە هەمان ناونیشان ولە ساڵی 1975 بەسترا، ئەو کتێبە لە سێ بەش پێکدێت : بەشی یەکەمیان، تۆژەری ژاپۆنی سوزۆکی نووسیویەتیەوە، هەرئەویش بوو ئەو مەزەبەی بە ئۆروپییەکان ناساند، ناونیشانەکەیشی بریتیە لە (موحازەرات لەبارەی Zen Buddhism) ئەو بەشەش دەروازەیەکی لەباروگرنگە بۆ نزیکبوونەوە لەو مەزەبە، تیایە چەمکی نەست وچەمکی خود لە (Zen Buddhism) روون دەکاتەوەن هەروەها چەمکی (الكوان) وشەکە بە عەرەبی واتە ( الوپیقە العامە) سوزۆکی ئاماژە دەدات ((Zen- لەگەوهەردا هونەری بینینی تەبیعەتی کەینونەیەتی لەلایەن مرۆوە، کە پەنجەنوما بۆ ڕێگەیەك لەکۆیلایەتی بۆ ئازادی دەکات... دەکرێ بڵێین -Zen- هەموووزەئەمارتەکراوەکان بە شێوەیەکی سروشتی دەربازوئازاددەکات لە نێوناخی هەر یەکێك لە ئێمەدا، کە لەباری ئاساییدا گلدراووشێوێنراون، ئەو کەناڵەپێویستەی جموجووڵیان نییە...بەمەش مەبەستی – Zen - ئەوەیە رزگارمان بکات لە شێتی یا بێتوانایی ولێکەوتەیی، سەبارەت بەئازادیش ڕێخۆشکردنی بوارە لەبەردەم هەر پاڵنەرێکی خولقێنەروخێر، کە لەئەسڵا لەدڵ ودەروونمانا ئاخنراوە، بەجۆرێك ئازادانە ببزوێ، ئێمە بە شێوەیەکی گشتی لەئاست ئەو هەقیقەتەنابینایین هەقیقەتی ئەوەی گشت تواناپێویستەکانمان لاهەیە بۆئەوەی بەختەوەرمان بکەن، یەکدیمان خۆش بوێ )) هەروەها ئەو روونی دەکاتەوەو دەڵێت ( زن – واتە لەدەستدانی خود لە پێناوی گەیشتن پێی ) نزیك بوونەوە لێی واتە یەکسەر ڕۆچوونەنێو خودی ئەو شتە وبینینی لە ناخ وناواخنەوە، بۆوەی گوڵ بناسیت، دەبێت ببی بە گوڵ، گوڵ بیت، وەك گوڵ بگەشێیەوە، لەبەرخۆرەتاو وباران بارینا، کاتێکیش ئەمە روودەدات ئەوە گوڵەکە قسەت بۆ دەکات، بەمەش نهێنیەکانی وشادی وناشادیەکانی دەزانیت، جا بەزانین وناسینی گوڵەکە خودیخۆیشت دەناسی، ئەوەش واتە من بە لەدەستدانی خودیخۆم لە گوڵەکەدا هەروەك چون گوڵەکە دەناسم وپێی دەزانم خۆم دەناسم .

بەشی دووەمی ئەو کتێبە ئەریك فرۆم نووسیویەتی تیایە تیشك دەخاتە سەر پەیوەندی دەروونشیکاریی بە (Zen Buddhism) فرۆم لێرەدا بەتەنیا لایەنە وێکچوو و نایەکچووەکان ناخاتەڕوو، بگرە هۆیەکانی ڕوووەرسووڕانی هەڵوێستی خۆرئاواییەکانیش لەمەڕ بیری خۆرهەڵاتیی، چوون فرۆم بیروڕای نوێ وگرنگ دەخاتەڕوو لەبارەی ڕەوشی ئێستای مرۆیی ونەست وهەست وچەپاندن ورۆشنباریەتی، ئەو پێی وایە (گەوهەری (Zen) بەدیهێنانی تەواوی – (ألاستنارە)ئیستینارە - (ساتوری satori) یە، کاتێك دەروونشیکاری جۆرێکە لە چارەسازی دەردەزیهنییەکان ئەوە (Zen) ڕێگەیەکە بۆ دەربازبوونی ڕۆحیی، لەلایەن دەروونشیکارانەوە(1) زێدەگرنگی وبایەخێکی دروست بەو ڕێگەیەدەدرێت، دیارەمەبەست لێی گەیشتنە بە کەینونەی هەق، هونەری خودبینی ) ئەوەش حاڵەتێکی زیهنی شازو غەیبوبەنییە، کە واقیعی تیا ون ببێت، ئەو حاڵەتەیە کەسەکە لەیەککاتدا هاوئاهەنگە لەگەڵ واقیع لە دەرەوەوناوەوەی خودی خۆیدا .

بەرای فرۆم مەبەستی (Zen) ئەوەیە مرۆ بە تەبیعەتەتایبەتەکەی بزانێ، هەوڵدانی بۆ ((خودیخۆناسین))، وەلێ ئەو ناسین وزانینە( زانستی )یە نییە، کە دەروونناسی مۆدرن بانگەشەی بۆ دەکات (بیرۆکەی بنەڕەتی لە - Zen - بریتیە لە تەماسگرتنی مرۆ لەگەڵ کەینونەتی نێوخۆیی خۆی، بەرێگەیەکی تەواوراستەوخۆیانە بەبێ پەنابردنەبەر هەرشتێکی دەرەکی یا زیادە) .

وێڕای لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی (Zen Buddahism) بەپشت بەستن بە تۆژینەوەکانی د.سوزۆکی، فرۆم لەو کتێبەدا بەوردی وزانستیانەش پەیوەندی ئەو ڕێبازە لەگەڵ دەروونشیکاریی دەخاتەڕوو، هەرچەندە ڕێچکەی دەروونشیکاری لەو میتۆدە جیایە، بەڵام لەچەند رووەوە بەیەکدەگەن وەکو لەرووی مۆراڵەوە، بۆوەی ئامانجەکانی (Zen) بێتەدی دەبێت بەسەر تەماح وچاوچنۆکیی و چڵێسی بەهەمووجۆروشێوەکانییەوە زاڵببیت، دەروونشیکاریش هەمان مەبەستی هەیە، بەپێی دەروونشیکاریی تەماح وچاوچنۆکیی دیاردەیەکی نەساغییە، ئەوکاتەباوەوباڵدەکێشێت، کاتێ مرۆ توانائەکتیڤەبەرهەمهێنەرەکانی پەرەپێنەدابێت، بەمە هەردوو سیستەم بەیەك ئاراستەی ئەخلاقی ڕێدەکەن، ڕەگەزێکی دیکەی هاوبەش پێداگرتنەلەسەر سەربەخۆبوون لەمەڕهەر جۆرێ لەجۆرەکانی مەرجەعیەت یا دەسەڵات لەوانەش ئایین .

فرۆم دیسان وێڕای یەك ئامانج ومەبەستی هەردوومیتۆد، جەخت دەکاتەسەر ڕێچکەی جودای هەریەکێکیان، لەپاشانیشدا سوودوکەلکی هەریەکێکیان بۆفێرخوازی هەریەکێك لەودوومیتۆدە بەباش وئەکتیڤ لەقەڵەم دەدات، دەکرێ دەروونشیکاری یاریدەی فێرخوازی میتۆدی(Zen)بدات تاکو خۆ لە مەترسی ئیستینارەی ناڕاست یل قەڵپ بپارێزێت، کە تەنیاوتەنیاحاڵەتێکی خودییانییە لەسەر دیاردەی هیستریایی هەڵنرلوە ...تد .

دواجار فرۆم وەك دەروونشیكارێكی خۆرئاوایی خۆی بەخۆشحاڵ دەزانێت لەمەڕ ئەو بەخششەبەهادارەی خۆرهەڵات بەتایبەت خودی د.سوزۆكی لەوكارەی ئەنجامی داوە لە گوزارشت كردن لە (Zen) بەرێگەیەك چ شتێكی لەناوەڕۆكەكەی لەدەست نەداوە لەكاتی هەوڵدانی بۆ تەرجەمەكردنی بیری خۆرهەڵاتی بۆ بیری خۆرئاوایی، بەجۆرێك خۆرئاوایی دەكارێ بگابەفامكردنی (Zen) - بەهەمان ئەندازەی گەیشتن پێی بەرلەوەی مەبەستی (Zen)بەدیبێت .

تا چ رادەیەك دەكرێ بگەیت بەو فامكردنە كاتێك (( تەبیعەتی بودا لەنێوناخی هەریەكێكماندایە))و مادامەكینێ ئادەمیزادووجود دووگوتەودەستەواژەی گەردوونین وجلەوگرێتی راستەوخۆشی واقیع ووەئاگاهاتنەوە و ئیستینارەش پسپۆریەتی گەردوونین ؟.

دوا بەشیش واتە بەشی سێیەمی كتێبەكە بەناوی (رەوشی مرۆیی و Zen Buddahism)یە ریچارد دی مارتینۆ نووسیویەتی وتیایە چاودەخاتەسەر تەنگوچەڵەمەی لەتبوونی من (ألانا) بۆ(( زات ومەوزوع ))و ئەو نیگەرانیەی پەیوەست بە زاڵ بوون بەسەر ئەو لەتبوونەهیلاكبارەو ئەو دژیەكییەی نایەڵێت (من) بەتەواوەتی خودیی بێت، هەروەها نووسەر تیشك دەخاتەسەر ئەو رێگەوچارەسەریانەی( Zen ) دەیخاتەڕوو بۆ چارەسەریدیكردنی گرفت وتەنگوچەڵەمەی ئادەمیزاد .

هەولێر — 2007/7/27